# خەڵك بە گومانە لە چاودێری هێڵەکانی مۆبایل و تەلەفۆن

**بەڕێوبەری پەیوەندییەکانی ئاسیا سێڵ** " تا ئێستا لەلایەن دەسەڵاتەوە هیچ فشارێکمان نەخراوەتە سەر بۆ چاودێری و گوێگرتن لە بەشداربوان "

**بەرپرسی راگەیاندنی سانا تێل** " رێگە نادەین کۆمپانیاکەمان بۆ مەبەستی سیخوڕی بەکاربهێنرێت "

**بەڕێوبەری کۆمپانیای کوردتێل** " لە بەدالەی کۆنی سلێمانیدا گوێگرتن هەبووە "

**سەرچاوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران** " خەڵکی دڵنیا دەکەینەوە کە چاودێری و گوێگرتن لە مۆبایل و تەلەفۆن نییە "

**مامۆستایەکی کۆلێژی یاسا** " ئەگەر ئەو شتە هەبێت بە کارێکی نایاسایی دەزانم "

راپۆرتی هێمن باقر و ئیسماعیل عوسمان




ڕووداوەکەی (3/16) بەلای زۆر کەسەوە بە یەقینکردنی گومانێك بوو دەربارەی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی هێڵەکانی مۆبایل و تەلەفۆنی نۆرماڵ لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتەوە.

پاش ڕووداوەکەی (3/16) هەڵەبجە چەند بەرپرسێکی پایە بەرزی حکومی لە چەند بۆنە و کەناڵی جیادا ئاماژەیان بەوەکرد کە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی چەند کەسێکیان لە بەردەستدایە کە دەتوانن بە هۆیەوە تاوانبارانی پشت ئەو ڕووداوە بدۆزنەوە.

عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرنامەی (دیدار)ی کەناڵی ئاسمانی کوردساتدا ئاماژەی بەوەکرد"تاوانباران دیارن کەسیش لەخۆوە ناگرین، پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان لەبەردەستدان و وێنەکانیش لەبەردەستدان، بەهۆیەوە دەتوانین بە ئاسانی تاوانبارانی ئەو ڕووداوە بدۆزینەوە"

(جەمال عەبدوڵلا)ی وتەبێژی ڕەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە بەرنامەیەکی ڕادیۆی (نەوا)دا ئاماژەی بەوەکرد کە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی


LVEEN ,No (39) .... April .... 2006

رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی (مەلا عەلی عەبدولعەزیز) لەبەردەستدایە کە تیایدا مەزارەکە دەشوبهێنێت بە (معبد)و دەڵێت بیسوتێنن.

ئەم وتانەی بەرپرسانی حکومەت لەگەڵ ئەوەی بۆ ئاماژەکردن بوون بە دەستەکانی پشت رووداوەکەی (3/16) لە هەمان کاتیشدا ئاماژەیەکی ترسناك بوو بۆ کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنی هێڵەکانی مۆبایل و تەلەفۆن لەلایەن حکومەتەوە بۆ هەرکەسێك کەبیانەوێت.

بەپێی دەستوری نوێی عێراق کە لە (2006/10/15) لەلایەن عێراقییەکانەوە دەنگی بۆ دراو بە زۆرینەی دەنگیش پەسەندکرا"گوێگرتن و چاودێری و کۆنترۆڵکردنی" پەیوەندییە تەلەفۆنیەکانی هاوڵاتیان قەدەغەیە و ڕێگەی پێ نادرێت.

لە بەشی دووەمی دەستوری عێراقدا کە تایبەتە بە ئازادییەکان و لە بەندی (38)ی ئەو دەستورەدا ئەم ئازادییەی بۆ هاوڵاتیان دەستەبەرکردووە و بە ڕاشکاوی دەڵێت"ئازادی پەیوندی و ئاڵوگۆڕی نامە و بروسکە و تەلەفۆن و پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکان پارێزراوە، نابێت چاودێرییان بکرێت و گوێیان لێبگیرێت و ئاشکرا بکرێن، مەگەر بەهۆی پێویستییەکی یاسایی و ئەمنیەوە بێت و بڕیاری دادوەری بۆ وەربگیرێت"

هەرچەندە تائێستا حکومەت بە ڕەسمی دانی بەوەدا نەناوە کە چاودێری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان بکات، بەڵام بەهۆی نەبوونی شەفافیەتەوە لەم ڕووەوە، جۆرێك لە گومان لەلای هاوڵاتیان هەیە و ئاماژەی هەندێ بەرپرس و دەزگاکانی حکومەتیش لە بۆنەی جیاجیادا ئەو گومانانە زیاتر تۆخ دەکەنەوە.

(عەلی حسەین)ی تەمەن (52) ساڵ کە یەکێکە لە بەشدارەکانی ئاسیا سێڵ، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو لەوە دڵنیا نییە کە کۆنترۆڵ لەسەر مۆبایلەکەی نەبێت، هەربۆیە وەکو خۆی دەڵێت"شتە شەخسیەکانی خۆی لە مۆبایلدا ناڵێت"

(زریان کەمال)ی خوێندکاری زانکۆ کە لە ماڵەکەیاندا هێڵی کوردتێل و ئاسیا و سانا هەیە، وتی"وا گومان دەبەین کە ئەو هێڵانە لەلایەن حیزب و دەسەڵاتەوە کۆنترۆڵ کراون، بۆیە ئەندامانی خێزانەکەمان و هاوڕێکانیشم هەمیشە ڕەچاوی ئەوە دەکەین کە شتە تایبەتەکانمان لە مۆبایلدا نەدرکێنین"

کچێکی عاشق کە نەیویست ناوی بهێنرێت وتی"وا دیارە لەمەودوا حکومەت کۆنترۆڵی پەیوەندی نێوان خۆشەویستان و ژن و مێردەکانیش دەکات"

(سوارە سدیق) (30) ساڵ لەو بڕوایەدا نییە بە بەردەوامی چاودێری لە هێڵەکان بکرێت، ئەو دەڵێت"حکومەت و دەسەڵات تەنها لە

**لە ڕاپرسییەکی گۆڤاری لڤیندا لەسەر ئەم دیاردەیە فۆڕمێکی ڕاپرسیمان دابەشکرد بەسەر (100) خوێندکاری زانکۆی سلێمانیدا ، ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو :**

1- **پێتوایە چاودێری و گوێگرتن لە هێڵەکانی مۆبایل و تەلەفۆن هەیە ؟**




2- **بەبڕوای تۆ کام لەم کۆمپانیایانە ئەو کارە دەکەن ؟**




کاتێکدا مەترسیان هەبێت ئەو کارە دەکەن"، بەڵام (بەهار عەلی) کە فەرمانبەرە لە یەکێك لە دەزگا حکومییەکاندا باوەڕ بەوە ناکات کە چاودێری لەسەر هێڵەکانی پەیوەندی هەبێت، ئەو ئەم کارە بە مەحاڵ دەزانێت و دەڵێت"حکومەت لە کوێ دەتوانێت گوێ لە پەیوەندی ئەو هەموو خەڵکە بگرێت؟"

(سوار ئەحمەد فەخری) جێگری بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە کۆمپانیای ئاسیا سێڵ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بە هیچ جۆرێك لە کۆمپانیاکەی ئەواندا گوێگرتن و چاودێری لەسەر پەیوەندییەکانی بەشداربوان نییە.

وشیار کە کۆمپانیاکەیان خاوەنی (2) ملیۆن بەشداربووە لە عێراقدا ئاماژەی بەوەکرد کە لە بنەڕەتەوە ئەوان ئەو ئامێرەیان نییە کەبۆ کاری کۆنترۆڵکردن و چاودێری بەکاردێت، ئەو وتی"ئەو ئامێرە لە ڕووی نرخەوە زۆر گرانە و ئامێرێکی قەدەغەشە لە ڕووی نێودەوڵەتیەوە، لەبەرئەوە بیرمان لە هێنانی نەکردۆتەوە و پێویستمان پێی نییە"

(ئاسۆ عەبدوللەتیف) بەرپرسی ڕاگەیاندنی سلێمانی کۆمپانیای ساناتێل کە سنوری پەیوەندییەکانی لە نێوان هەرسێ شاری سلێمانی و هەولێر و دهۆك دایە و هێڵەکانی لەگەڵ کۆمپانیای کۆرەکی هەولێر تێکەڵاو کردووە، ئاماژەی بەوە کرد کە کۆمپانیاکەیان لە چوارچێوەی مەرجە سیاسییەکاندا کاردەکات و ناچنە ژێر باری هیچ داواکاریەك کە پێچەوانەی یاسا بێت، هەر بۆیە وەکو ئەو وتی"سندوقی تایبەتی خۆی و داتای بەشداربوانی ناداتە هیچ حیزب و دەسەڵاتێك، مەگەر لە چوارچێوەیەکی یاساییدا بێت"

(عەبدوللەتیف) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕێگە نادەن کۆمپانیاکەیان بۆ مەبەستی سیخوڕی بەکاربهێنرێت.

(هۆشیار سالح ڕەفعەت) بەڕێوەبەری کۆمپانیای کوردتێل لە سلێمانی ئەوەی نەشاردەوە کە ئامێری کۆنترۆڵکردن هەیە، بەڵام ئەوان بەکاری ناهێنن و لایان نییە.

ڕەفعەت وتی"ئەو دیاردەیە لە بەدالەی کۆنی سلێمانیدا هەبووە، بەڵام لە ئێستادا بەشێوەیەکی گشتی چاودێری تەلەفۆن کەم بۆتەوە"

تێکەڵاوی کۆمپانیاکانی مۆبایل و تەلەفۆن لەگەڵ حزب و دەسەڵاتدا لە ڕووی سەرمایەو ئیدارەوە، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە گومانی هاوڵاتیانی زیاتر کردووە، بەتایبەتی وەکو دەبینرێت ئەو کۆمپانیایانە لە ماوەی ڕابردوودا بەر لەوەی کۆمپانیایەکی بازرگانی بووبن کۆمپانیایەکی سیاسی بوون، ئەوەش یەکێك بووە لە ڕێگریەکانی کارکردنیان لەژێر دەسەڵاتی دووئیدارەکە و

تێکەڵاوکردنیان لەگەڵ یەکتردا.

(هەنا ڕەئوف) (27) ساڵ مامۆستا، وتی"ئەو کۆمپانیایانە موڵکی حزبەکان خۆیانە، لەبەرەئەوە هەرچییان بوێت دەیکەن"

(سوار ئەحمەد) هەموو پەیوەندییەکی نێوان ئاسیا سێڵ ودەسەڵات ڕەتدەکاتەوە و ئەگەری ئەم هۆکارەش بەم هۆیەوە بەڕاست نازانێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تا ئێستا لەلایەن دەسەڵاتەوە فشاریان نەخراوەتە سەر بۆکارێکی لەو جۆرە، تەنانەت ئەگەر داواشیان لێبکرێت لە توانایاندا نییە ئەو کارە بکەن.

بەڕێوەبەری کوردتێل ئاماژەی بەوەکرد تا ئێستا لەلایەن دەسەڵاتەوە هیچ داواکارییەکی لەو جۆرەیان ئاڕاستە نەکراوە، بەڵام ئەوەشی بەدور نەزانی کە ئەگەر داواکارییەکی لەو جۆرەیان بخرێتە بەردەست وەڵامەکەیان ئەرێ بێت.

(هوشیار ساڵح) وتی"لە بەرژەوەندی گشتی و ئەمنی ولاتدا هەرچی هاوکارییەکی حکومەت بە ئێمە بکرێت ئامادەین جێبەجێی بکەین".

(مامۆستا سامان فەوزی) لە کۆلیژی یاسای زانکۆی سلێمانی ئاماژەی بەوەکرد کە لە دەستوری تەواوی ولاتانی دونیادا و لە یاسای هەموو ولاتاندا ئەوە قەدەغەکراوە کە سانسۆر بخرێتە سەر پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی هاولاتیان و تەداخولی ژیانی تایبەتی بکرێت، تەنها لەیەك حاڵەتدا ڕێگەی پێدراوە، ئەویش دەبێت بە فەرمانی دادوەربێت و ترسی ئەوەش هەبێت کەوا ئەو کەسە تاوانێکی گەورە ئەنجام بدات یان بۆ دۆزینەوەی تاوانێکی گەورە(مامۆستا سامان) وتی"هەرچەندە تا ئێستا ئاگاداری هیچ لێدوانێکی ڕەسمی نەبووم سەبارەت بە سانسۆرکردنی هێڵەکانی تەلەفۆن، بەڵام ڕۆژانە لێرە و لەوێ باس لەو دیاردەیە دەکرێ کە گوایە هێڵەکان لەژێر چاودێری و سانسۆردان، ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێت ئەو کەسانەی ئەم کارە دەکەن هەر پاساوێکیان هەبێت پێموایە کارێکی نایاساییە، چونکە دەبێت لەوکاتەدا باری نائاسایی ڕابگەیەنرێت"

سەرچاوەیەك لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاولاتیانی لەوە دڵنیا کردەوە کە حکومەتی هەرێم و دەزگاکانی هیچ وەختێك سانسۆری نەخستۆتە سەر هێڵەکانی مۆبایل و تەلەفۆن و لە بەرنامەیشیدا نییە کارێکی لەو جۆرە بکات، بە وتەی سەرچاوەکە کارێکی لەو جۆرە پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییە و حکومەتی هەرێمیش حکومەتی دەستبەرکردنی ئازادی و دیموکراسییە بۆ خەڵکی نەك بە پێچەوانەوە.



هەروەها جەختی لەسەرکردەوە کە لە گرێ بەستی هیچ کام لەو کۆمپانیایانەدا حکومەت شتێکی لەو جۆرەی لەسەر فەرز نەکردوون و لەم ڕووەوە ئازادی تەواویان هەیە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست گۆڤاری (لڤین) کەوتووە ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی (مەلا عەلی عەبدولعەزیز) یەکێکە لە بەشداربووەکانی ئاسیا سێڵ ئەگەر ئەو قسەیەی بەرپرسانی حکومەت ڕاست بێت کەوا "بەتۆمارکراوی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی مەلا عەلیان لە بەردەستدا بێت" کە لەو ڕۆژەدا کردوویەتی ئەوا کۆمپانیای ئاسیا سێڵ دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە کە لە ڕێگەی ئەوەوە ئەم کارە ئەنجام درابێت.

(سوار ئەحمەد)ی بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی ئاسیا سێڵ وتی"جێگری سەرۆکی حکومەت دیاری نەکردووە پەیوەندییەکە لە ڕێگەی چ هێڵێکەوە بووە، لەبەرئەوە دەبێت ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەوان بکرێت بۆ ساغکردنەوەی، چونکە لە ڕێگەی ئێمەوە هیچ شتێك نەکراوە"

سەبارەت بەم حاڵەتە سەرچاوەکەی ئەنجوومەنی وەزیران وتی"ئەوە سانسۆرکردن نەبووە، ئەو کەسەی کە قسەی کردووە دیارە ئاسایشێکی ئێمە یان کەسێکی سەر بە حکومەت گوێی لە قسەکانی بووە گرتوویەتی و دوای گەڕان بە دوای ژمارەکەدا دەرکەوتووە کە ئەو ژمارە تەلەفۆنە هی ئەو کەسە بووە کە ناوی براوە، ئەوە بەو شێوەیە کەشف بووە"

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا لە کاتی نا ئاساییدا حکومەت دوای کارێکی لەو جۆرە لە کۆمپانیاکان ناکات سەرچاوەکە وتی"ناتوانم وەڵامی ئەوە بدەمەوە، هەیە یان نییە؟ ئەیەوێت یان نایەوێت"

کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن ئەوەیان خستە ڕوو کە ئەوان تەنها وەڵامی داواکارییەکانی دادگا دەدەنەوە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هێڵێکی دیاریکراو کە گومانی لەسەرە و لەوەشدا تەنها پەیوەندییە هاتو ڕۆشتووەکانی ئەو هێڵەی دەدەنێ لەوماوەیەدا نەك زیاتر هەروەها دادگا داوای هەر هێڵێکیان لێبکات ئەوان دەیبڕن.

مامۆستا (سامان فەوزی) وتی"حکومەت بە شێوازێکی زۆر تەسك دەتوانێت سانسۆرکردن بەکاربهێنێت، دەبێت ئەو کەسەش کە هێڵەکەی سانسۆر دەکرێت ترسی ئەوەی لێبکرێت کە تاوانێك ئەنجام بدات یان بۆ دۆزینەوەی تاوانێك نەك کەسێك بێت لە حزبی نەیار یان بیر و بۆچوونێکی جیاوازی هەبێت"